# لێکدانەوەی دیاردەی داعش
# بە گوێرەی تیۆری پێکدادانی ژیارەکان و کۆتایی مێژوو

**ID No. 2635**

(PP 92 - 99)

https://doi.org/10.21271/zjhs.23.4.6

**شێرزاد ئازاد سوڵتان**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلیژی ئاداب /
زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
sherzad_sultan@hotmail.com

**تاهر حسۆ زێباری**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلیژی ئاداب /
زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
abdulhameed.barzinchi@su.edu.krd

**ئەحمەد محەمەدپوور**
زانکۆی ماساچوسێتی ئەمهێرستی
ئەمریکا، بەشی ئەنترۆپۆلۆلۆجی
amohammadpour@umass.edu

**وەگـــــرتن : 2019/02/03**
**پەسندکردن : 2019/07/01**
**بڵاوکردنەوە : 2019/09/19**

**پوختە**

ئەم توێژینەوە هەوڵ دەدات بە میتۆدێکی وەسفی باسی دیاردەی داعش بکات لە روانگەی تیۆری پێکدادانی ژیارەکان (ساموێل هانتینگتۆن) و تیۆری کۆتایی مێژوو (فرانسیس فۆکۆیاما)وە؛ داعش یاخود دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، رێکخراوێکی بناژۆخوازی ئیسلامیە، کە لە ساڵی ٢٠١٤دا بەشێکی زۆری خاکی عێراق و سووریای بە هەرێمی کوردستانیشەوە داگیر کرد و، خەلافەتی خۆی راگەیاند. لە کاتی هەڵسەنگاندنی داعشدا بەپێی ئەو دوو تیۆرە، دەرکەوت کە تیۆری پێکدادانی ژیارەکان، تا رادەیەک دیاردەی داعشی پێ تەفسیر و شی دەکرێتەوە؛ بەڵام تیۆری کۆتایی مێژوو، پێوەر و پێودانگێکی وای تێدا نیە دیاردەی داعشی پێ راڤە بکرێت.

**دەستەواژە گرنگەکان:** داعش، توندڕەوی، هەرێمی کوردستان، پێکدادانی ژیارەکان، کۆتایی مێژوو.

## 1. پێشەکی:

دیاردەی داعش وەک دیاردەیەکی مۆدێرن (Mohammadpur and Ros, 2014: 13) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەت لە عێراق و سووریادا، دیاردەیەکە بەرهەمی ململانێیە و لەگەڵ خۆیشیدا سەرلەنوێ ململانێی ساز کردووەتەوە. تیۆرەکەی "هانتینگتۆن" و "فۆکۆیاما" لە زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا دوو تیۆری هەرە گرنگن و گەلێک شەڕ و ململانێیان پێ شرۆڤە دەکرێت.

داعش کە لە ساڵی ٢٠١٤دا نیوەی خاکی سووریا و عێراقی بە بەشێک لە کوردستانیشەوە داگیر کرد و خەلافەتی خۆی راگەیاند و، هەرزوو سەرنجی کۆمەڵناس و توێژەر و سیاسەتمەدارانی راکێش کرد؛ ئەوانیش هەر یەکەو لە روانگەی خۆیانەوە راڤە و تەفسیری ئەو دیاردەیەیان دەکرد. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بە خوێندنەوەیەکی وەسفی ـ تیۆریک، لە روانگەی ئەو دوو تیۆرەوە دیاردەی داعش و هۆکاری سەرهەڵدانەکەی شی بکاتەوە.

گرینگییەکەی ئەم توێژینەوەیە، لەوەدا دەبێت کە یارمەتیی لێکۆڵەر و کۆمەڵناسان دەدات لەوە تێبگەن، کە چۆن گرووپێکی بچووکی وەک داعش توانیویەتی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، نیوەی دوو وڵاتی سەربەخۆی عێراق و سووریا داگیر بکا و خەلافەتێکی لێ دابمەزرێنێت و، ببێتە هۆی شڵەژانی ناوچەکە و بە هەزاران کەس ئاوارە و دەربەدەر بکات و، ڕێوڕەسمی کۆنی کۆیلایەتی و ژنفرۆشتن زیندوو بکاتەوە، کە تەنانەت ئێستاش ئاسەوارە نەرێنیەکانی هەر ماوە.

پرسیاری ئەم توێژینەوە، بریتی دەبێت لە: *چۆن دەکرێت دیاردەی داعش لە روانگەی تێوری پێکدادانی ژیارەکان (هانتینگتۆن) و، کۆتایی مێژوو (فۆکۆیاما)، راڤە و تەفسیرێکی تیۆریکی بۆ بکرێت؟*

**2. پێناسەی چەمکەکان:**

**أ. چەمکی بناژۆخوازی**

بناژۆخوازی بە تایبەت جۆرە ئیسلامیەکەی، چەند دەهەیەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەرەی سەندووە و، لەگەڵ هاتنی ئەمەریکا بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە شەڕی یەکەمی کەنداو، ڕۆڵی گرووپە ئیسلامیە سیاسیەکان لە هەندێک وڵاتی ئیسلامی وەکو ئەفغانستان و سووریا و عێراقدا، زەق بووەتەوە؛ لەوەتی بناژۆخوازەکان بوونەتە هۆ و سەرچاوەی بڵاوبوونەی ئایدۆلۆژیای بناژۆخوازیی ئیسلامی، ناوەندەکانی خوێندنەوە زانستیە کۆمەڵایەتییەکان، هەر کام لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە پرژاونەتە سەر لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی دیاردەی بناژۆخوازی.

بناژۆخوازی ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی مەسیحیەتی ڕۆژئاوا؛ بۆ یەکەمین جار پرۆتێستانتە ئینجیلییەکانی ئەمریکا لە دەهەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بە بڵاوکردنەوەی نامیلکەیەک لە ژێر ناوی "Fundamental/ بناژۆخوازی" بە شێوەیەکی فەرمی ئەم چەمکەیان بە خۆیانەوە لکاند بۆ دژایەتیکردنی پرەنسیپەکانی مۆدێرنیتە؛ ئینجا گەڕانەوە بۆ پرەنسیپ و بنەما ڕەسەنەکانی مەسیحییەتیان هێنایە کایەوە (Busuttil & Haar, 2003: 112).

یەکێک لە باشترین پێناسەکان سەبارەت بە بناژۆخوازی، لە لایەن "چارلز کیمبڵ"ـەوە خراوەتە ڕوو. کیمبڵ لە کتێبی "ئەو کاتەی مەزهەب نالەبار دەبێت"ـدا، سێ تایبەتمەندیی سەرەکی بۆ سەرجەم نموونەکانی بناژۆخوازی دەستنیشان دەکات؛ بەپێی ئەو تایبەتمەندییانە، بزاوتی بناژۆخوازی لە بزاوتە مەزهەبی و سیاسییەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە. ئەو تایبەتمەندیانەی کیمبڵ مەبەستیەتی، بریتیە لە: ١. بڕوا بە قیامەتێکی نێزیک؛ ٢. بڕوا بە شەڕی پیرۆز؛ ٣. بانگەشەی دۆزینەوەی هەقیقەتی ڕەها؛ رادەی بناژۆخوازەتیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەو سێ پێوەرە دەپێورێت. (Kimbal, 2008: 73).

ئێستاکە هەر سێ ئایینە گەورەکەی جیهان و، تەنانەت ئایینە بەربڵاوەکانی دیکەش، لقی بناژۆخوازیان لێ پەیدا بووە؛ ئیسلام، جوولەکە، هیندوو، بوودا و دیان یاخود مەسیحی؛ ئەو لقە بناژۆخوازانە وەک بزووتنەوە یاخود گەڵاڵەیەکی دینی‌سیاسی دێنە ئەژمار، نەک بانگەشەیەکی بێگەردی هەقیقەتی دەقی کتێبە پیرۆزەکان (هیوود، ١٣٧٩ [٢٠٠٠]: 205). کەواتە، بناژۆخوازی و وانەکانی بە شێوەیەکی گشتی لە بەرانبەر و دژ بە پرنسیپی مۆدێرنی وەک ئازادی، دیمۆکراسی و ڕێژەییخوازییدایە و، لە بەرانبەردا پشتگیری لە ڕەهاخوازی، دەسەڵاتداریێتی، چاودێری ئەخلاقی سەر کۆمەڵگا و دیسپلینی کۆمەڵایەتی دەکات (کاستلز، ١٣٨٠ [٢٠٠١]: 39-40).

کەواتە بناژۆخوازی بە مانای وەفاداری و ئەمەکناسی بە نیسبەت ڕیشە سەرەکییەکانی دین و ئایدیۆلۆژیایە، بە هۆی ئامانجەکەی کە گەڕانەوەیە بۆ پرەنسیپە بنەماییەکانی دین، کۆنەپەرەست و توندئاژۆیە. لە ئەندێشە و پراکتیکی بناژۆخوازیدا، خوێندنەوەی جیاواز و دەقاودەق لە ڕاڤەی دەقە دینییەکان وەک قورئان و ئەنجیل لە گرنگایەتییەکی زۆر بەهرەمەندە. بناژۆخواز لەسەر ئەم باوەڕەدایە کە پرەنسیپە دینییەکان بێهەڵە و بێگەردن و بەدرێژایی مێژوو نەگۆڕ و دروست ماونەتەوە (سرمد، ١٣٧٠ [١٩٩١]: 91). هەر بەم هۆیەوە، باوەڕیان وایە کە دەستووورە ئەخلاقی و ئاکارییەکان دەبێ لە لایەن کۆمەڵگاوە پەسند بکرێن و بەپێی شەریعەت بەڕێوە ببرێن (Lawrence, 1989: 131).

جیهانی مرۆڤایەتی، تاکو ئەم سەردەمە، سێ نموونەی جیاوازی بناژۆخوازیی بە خۆیەوە بینیوە؛ کە بریتین لە:

- بناژۆخوازیی مەسیحی لە سەدەی نۆزەدەیەمەوە و دوابەدوای بەرپەرچی پرۆتێستانەکان بەرانبەر بە خوێندنەوە مۆدێرنەکان لە ئەنجیل، هاتە مەیدان (Mclean, 1996: 103).
- بناژۆخوازیی جوولەکە، بە تایبەتی "گوش ئامۆنیم" و "هاردیم" دوو بزاوتی سەرەکی بناژۆخوازی جوولەکەن؛ کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ئەندێشە و پراکتیکی سەهیۆنیزم داناوە. (احمدوند، ١٣٨٥ [٢٠٠٦]: 88).
- بناژۆخوازیی ئیسلامی وەک ئەلقاعیدە و داعش کە نموونەی هەرە زەقی بناژۆخوازەکانی دنیانە.

**ب. داعش**

داعش (دەوڵەتە ئیسلامیەکەی عێراق و شام) لە بواری ئایدۆلۆژیا و فکرییەوە لە بنەما فکرییەکانی ڕەوتی سەلەفیەتەوە سەرچاوەی گرتووە؛ چەمکی سەلەفیەت واتە خوێندنەوەیەکی تایبەت لە ئیسلام وەک ئەوەی کە سەلەفی ساڵح واتە هاوەڵان (ئەسحابەی پێغەمبەر) و شوێنکەوتووانیان لێی تێگەیشتبوون؛ سەرەڕای رەخنە لە ڕێبازە جیاوازە فەلسەفی، کەلامی و شەرعییەکانی ئیسلام و، مکوڕی و پێداگری لەسەر نەهێشتنی بیدعەت لە دینی ئیسلامدا؛ بیرۆکەی سەلەفیەت لە کەسانێکی وەک ئیبن‌تەیمیە و ئیبن‌قیوم و محەمەدی عەبدولوەهابەوە سەرچاوەی وەرگرتووە. (فرمانیان، ١٣٨٦ [٢٠٠٧]: 65).

داعش وەکو نەوەی نوێی ئەلقاعیدە، داوای گەڕانەوەی حوکمی ڕەسەنی ئیسلام دەکات بۆ وڵاتە ئیسلامیەکان؛ کە توانییشیان بەشێک لە خاکی عێراق و سووریا داگیر بکەن و، خەلافەتێکی ئیسلامیی لێ رابگەیێنێت. بەڵام کار و کردەوەکانیان لەگەڵ قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) یەکیان نەدەگرتەوە...

**3. کورتەمێژوویەکی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی داعش لە عێراق و سووریا:**

- ساڵی ٢٠٠٤؛ جەماعەتی تەوحید و جیهادەکەی ئەبومسعەب زەرقاوی بە ئەلقاعیدەی عێراق ناوبانگیان دەرکرد.
- ١٥ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦؛ جەماعەتی تەوحید و جیهاد کرا بە دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق.
- نیسانی ٢٠١٠؛ ئەبووبەکر بەغدادی ڕێبەرایەتیی داعشی عێراقی گرتە ئەستۆ.
- نیسانی ٢٠١٣ ؛ بەغدادی هێزەکانی داعشی برد بۆ سووریا و ناوی لێ نا؛ "دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام" یاخود داعش.
- ١٤ کانوونی دووەمی ٢٠١٤؛ داعش شاری ڕەقەی سووریایان داگیر کرد و کردیان بە پایەختی خۆیان.
- ٩ حوزەیرانی ٢٠١٤؛ هێرشیان کردە سەر مووسڵ دووەم شاری گەورەی عێراق و، ناوەندی پارێزگای نەینەوا و داگیریان کرد.
- ٢٩ حوزەیران ٢٠١٤؛ ئەبومحەمەد عەدنانی ڕایگەیاند ئەبووبەکر بەغدادی یەکەم خەلیفەی مسڵمانەکانە لە سەدەی بیستویەکەمدا و، هەمووان دەبێ ملکەچی بن.
- ٢ ئابی ٢٠١٤؛ ناوچە کوردنشینەکەی شنگالیش داگیر کرا و، داعش کەوتە قڕکردنی کوردە ئێزدیەکان؛ پیاوەکانی دەکوشتن و ئافرەتەکانیشی لاقە دەکردن و دەیفرۆشتنەوە. هەزاران ئێزدییش ڕایانکردە چیاکانی شنگال و، هەتا شنگال ئازاد نەکرایەوە لەوێ گیریان خواردبوو.
- ٨ ئابی ٢٠١٤؛ ئەمەریکا دەستی کرد بە بۆردومانکردنی داعشەکانی ناو عێراق.
- ١٨ ئابی ٢٠١٤؛ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە یارمەتیی ئەمەریکا، داعشیان لە بەنداوی مووسڵ ڕاماڵی.
- ١٦ حوزەیرانی ٢٠١٥؛ داعشەکانی ناو سووریا لە چەند لاوە شکان؛ کوردی ڕۆژاوا ناوچەی گرێسپی (تل أبیض)یان گرتەوە کە دەکەوێتە سنووری سووریا و تورکیاوە؛ لەو کاتەوە داعش ڕێگای هاتوچۆی تورکیایان لێبڕا.
- ١٠ تەمووزی ٢٠١٧: شاری مووسڵ بە یەکجارەکی لە داعش پاک کرایەوە لە لایەن سپای عێراق بە یارمەتیی هێزەکان ئەمریکا و هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

**4. تیۆری پێکدادانی ژیارەکان ـ هانتینگتۆن**

دوابەدوای نەمانی شەڕی سارد و کێشەی کۆمۆنیزم. نەخشەی جیۆپۆلەتیک و ئایدیۆلۆژیکی جیهان گۆڕا. بە بۆچوونی زۆر لە شارەزایانی ڕۆژئاوا، جیهانی نوێ بەسەر دوو جەمسەری جیهانی ئیسلام و مەسیحییەتدا دابەش بووە؛ لەو نێوانەدا بناژۆخوازی، بووەتە تایبەتمەندیەکی جیهانی ئیسلام و، پیشەسازی و ڕەوتی لیبراڵدیموکراسیی ڕۆژاوایی، نوێنەری دنیای مەسیحییەتە (امیری، 4:1993). لەم ڕوانگەیەوە سیاسەتی جیهانی کەوتووەتە قۆناغێکی نوێیەوە و بیرمەند و ستراتیژیستەکان، سەبارەت بە ڕەوتی مێژووی هاوچەرخ و بزووتنەوەکانی دوای شەڕی سارد، بیروبۆچوونی تایبەت و جیاوازیان دەربڕیوە. بێگۆمان سامۆیل هانتینگتۆن، یەکێک لەو بیرۆکەداهێنەرە بەناوبانگانەیە کە خاوەنی تیۆری پێکدادانی ژیارەکانە کە لە کتێبی پێکدادانی ژیارەکان و داڕشتنەوە سیستەمی نوێی جیهاندا باسی دەکات (هانتینگتۆن، ١٣٧٦: 162) ( The Clash of Civilizations and the Remaking of World Order).

بەپێی تیۆرەکەی هانتینگتۆن، ڕۆڵگێڕ و جەمسەرە سەرەکیەکانی دنیا، چیدی دەوڵەتەکان نین، بەڵکو ئەو ژیارانەن کە بەپێی مەزهەبە دەسەڵاتبەدەستە زلهێزەکانی دنیای کۆن، بنیاد نراون. لە سەردەمی شەڕی سارددا، لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی پرسە نێودەوڵەتیەکاندا، ئەو پەیوەندییە مەزهەبییە قووڵ و ڕێشەدارانە بە شیوەیەکی گشتی پشتگوێ خراون. هانتینگتۆن لەو یەکەم کەسانە بوو کە بەڵگەی هێنایەوە بۆ سەلماندنی ئەو پرسە و گوتی هۆکاری هەرهەموو توندوتیژییەکانی سەردەمی شەڕی سارد لە جیهان، سەرهەڵدانی نەتەوەخوازی نەبووە، بەڵکو لە ژیارە کۆنەکانەوە سەرچاوەی گرتووە؛ هەر بۆیە، پلاندارێژە سیاسییەکانی ئەمریکا دەبوایە لە گیروگرفت و توندوتیژییەکانی هەرێمی چیچانی رووسیا ڕابمێنن؛ ئەو شەڕە، شەڕی نەتەوایەتی نەبوو، بەڵکو شەڕی مانونەمانی نێوان دوو ژیاری مەسیحییەتی ئۆرتۆدۆکس و ئیسلام بووە. (هانتیگتۆن، 1376: 6)

هانتینگتۆن ژیارە زیندووەکانی جیهان دابەش دەکاتە سەر حەوت ژیاری گەورەوە: ژیارە ڕۆژئاواییەکان بە هەرسێ ئایینزاکەیەوە؛ کاتۆلیک، پرۆتستانت و، ئۆرتۆدۆکس؛ ژیارە رۆژهەڵاتیەکانیش: ئیسلام، کۆنفۆسیوس (چین)، شینتۆ (ژاپۆن)، بوودا، هیندۆس. لە پەراوێزیشدا ژیاری ئەفریقایی. بە بۆچوونی هانتینگتۆن پێکدادانی ژیارەکان، سەرچاوەی سیاسەتی زلهێزەکان و، دوا قۆناغی پێکدادانەکانی سەردەمی هاوچەرخە. کەلێنی نێوان ژیارەکان ئەمڕۆکە جێی سنوورە سیاسی و ئایدیۆلۆژیکەکانی سەردەمی شەڕی ساردی گرتووەتەوە و، بووەتە رێخۆشکەری قەیران و توندوتیژی. دژایەتیە هەزاروچوارسەد ساڵەکەی ئیسلام و ڕۆژئاوا، هەتا دێ زیاتر دەبێت و، هێڵی نێوان ئەو دوو ژیارە بووەتە کێڵگەی سەرهەڵدانی شەڕ و پێکدادان. لەو سەردەمەدا، پێکدادان لەسەر ژیارەکان ساز دەبێ؛ لە کۆتاییشەوە ژیاری ئیسلام و کۆنفۆسیۆس پێکەوە، بەرەوڕووی ژیاری ڕۆژئاوا دەبنەوە. لە ڕاستیدا، پێکدادانی ژیارەکان، دواقۆناغی پێگەیشتنی جیهانی نوێیە (هانتینگتۆن، 1376: 222-223).

هانتینگتۆن ئامۆژگاریی ڕۆژئاوا دەکات کە دەبێ رادەی بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی سەربازیی وڵاتە کۆنفۆسیۆس و ئیسلامەکان بەرتەسک و سنووردار بکاتەوە؛ لە شەڕ و پێکدادانی نێوان وڵاتە ئیسلامی و کۆنفۆسیۆس‌مەزهەبەکان کەڵک وەرگرێت و پشتیوانی لەو گرووپانە بکات کە لەناو سەرجەم ژیارەکاندا مەیلیان بەرەو بەها و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا زیاترە (هەمان سەرچاوە،31-32). لە ڕاستیدا، لە تیۆری پێکدادانی ژیارەکان بە نیسبەت سنوورە توندوتیژئاوییەکان هەستیارییەکی فراوان نیشاندراوە و هەوڵدراوە بە زەقکردنەوەی ئەم بابەتە و ئاماژە بە پێکدادانە مێژووییەکان، بواری شیاو بۆ پێکدادانەکان بڕەخسێنرێت.

پێشبینییەکانی هانتینگتۆن لەسەر بنەمای سێ بیرۆکە داڕێژراوە:

١. ئیسلام و ڕۆژئاوا، لەبەر جیاوازیی بەهاکانیان، شەڕ و ململانێیەکی شاراوەی بەردەوامیان هەیە؛ تاکگەرایی و، یەکسانیی رەگەزەکان و ئازادیی ڕەها، بەهای تایبەت بە ژیاری رۆژاوایە، کە رێک دژی بەها ئیسلامییەکانە؛ مسوڵمان پێیان وایە کولتووری رۆژاوایی، کولتوورێکی مادی و گەندەڵە و لە ئەخلاق و رەوشت داشۆراوە و، دەبێ بە هەمو هێزەوە لە دژی راوەستن و، بەرەنگاری ببنەوە؛

٢. نێوانی جیهانی عەرەب و دنیای ڕۆژئاوا، لەبەر جیاوازیی جیهانبینی و تیڕوانینیان، هەمیشە شڵەژاوە و چارەسەریش نابێ؛

٣. بەرەی ئیسلام و کۆنفۆسیوس، بەرەیەکی یەکگرتووی نوێیە و، دەبێتە هۆی پێکدادانی ژیاری ئیسلام و شارستانیەتی ڕۆژئاوا. (نقیب‌زادە، ١٣٧٧: ٥٦٤).

کەواتە، بەپێی ئەم تیۆرە، ئیسلامخوازیی سەردەم و بناژۆخوازیی ئیسلامی بە شێوەیەکی تایبەت لەو ناڕەزایەتیەوە سەرچاوەی گرتووە کە موسڵمانان لە دەسەڵات و پەلامار و هورووژمهێنانی کولتووری ڕۆژئاوایی بۆ وڵاتە ئیسلامیەکان هەیانە. هانتینگتۆن پێی وایە، هۆکارێکی هەرە گرنگی بووژانەوەی ئیسلام، بەرپەرچ و پەرچەکردارێکە دژ بە ڕۆژئاوا. با لەبیرمان نەچێت، مۆدێرنیزمیش لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا رۆڵی خۆی هەبووە و هەیەتی؛ لەو سۆنگەیەوە دەکرێ گەڕانەوە بۆ ئیسلام، بە ناڕەزایەتییەکی فەرهەنگی لەقەڵەم بدریت، چونکە مسوڵمانەکان خەمی ئەوەیان لێ نیشتووە نەکا فەرەهەنگی ڕۆژئاوایی، کولتوورە ئیسلامیەکەیان لێ کاڵ بکاتەوە (هانتینگتۆن، 38:1380).

## 5. فۆکۆیاما و کۆتایی مێژوو

تیۆری کۆتایی مێژوو، بابەتێکی نوێ نییە و، وەختی خۆیشی مارکس دەیگوت ڕەوتی دیالکتیکی مێژوو، چاری ناچارە و، ئابووری بە زۆرملێ و بە زەبر (Economic determinism) دەیباتە دواوێستگەی خۆی، واتە کۆمۆنیزم، کە لەو قۆناغەدا سەرجەم ململانێ و دژوارییەکانی جاران دەبرێتەوە و، هەرهوموو دنیا، دەبێتە کۆمەڵگایەکی یەکدەست و، کەس لە کەس جیاواز نابێت؛ کە نە دەوڵەتێکی لێ دەبێ و نە چین و توێژی جیاواز (توحیدفام، 1384: 44-45). بەڵام هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت و کۆتایی شەڕی سارد دەکرێ ببێتە دەسپێکێک بۆ نەزمی نوێی جیهانی (چامسکی، 1375: 14) تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکەی ئەو سیستەمە نوێیە ئەوەیە کە سیاسەتی نێودەوڵەتی دەبێتە تاکجەمسەری. لە ڕاستیدا، دامرکانەوەی شەڕی سارد و شکستی بەرەی کۆمۆنیست بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی بیرمەندانی ڕۆژئاوایی، پرسی سەرکەوتنی ڕۆژئاوا و کاپیتالیزم بهێننە کایەوە. بیرۆکە بەناوبانگەکەی فۆکۆیاما، لەو بارودۆخەدا سەری هەڵداوە و، زۆر جوان ئەو بابەتەی سەلماندووە.

گریمانەی سەرەکی، لە تیۆری کۆتایی مێژوودا ئەوەیە مێژوو بەسەر ڕێچکەیەکی دیاریکراوی ئابووریدا دەچێت و هەتا نەگاتە دواوێستگەی خۆی، ڕاناوەستێت؛ شەڕی ئایدیۆلۆژیک جێگەی خۆی دەداتە بابەتی ئابووری و، خەمی ژینگەپارێزی و دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی ژیان. فۆکۆیاما لەم تیۆرەی خۆیدا جەخت دەکاتە سەر ڕۆڵی زانست، بەڵام ئەو زانستەی ئەو مەبەستیەتی، زانستێکە کە لە لایەن سەرمایەدارییەوە پێش دەکەوێت، تاکو هەر خۆی بە تەنیا وەڵامدەرەوەی خواستی مرۆڤ بێت. تیۆرەکەی فۆکۆیاما کە ئاماژە بۆ پێشگریمانی هەزارەخوازانە یاخود ( Millenarianism) لیبرالیزمە، باس لە دەوڵەتێکی تاقانەی جیهانییە بە سەرۆکایەتی لیبراڵدیمۆکراسی. بانگەشەی بەجیهانیبوونی لیبراڵدیمۆکراسی ڕۆژئاوایی وەک فۆرمی کۆتایی و بڕاوەی حوکمڕانیی مرۆڤ و وەبیرهێنانەوەی ئەم وەکو دواوێستگەی پێگەیشتنی ئایدیۆلۆژیای مرۆیی و کۆتایی مێژوو، کە پشتی بەو بەڵگانەش بەستووە کە کەسانی دیکەش لە سەردەمی گلۆباڵیزەکردندا باسیان کردووە (توحیدفام، ١٣٨٢: 37).

لە ڕوانگەی فۆکۆیاماوە بە هۆی نەبوونی ئاڵتەرناتیڤ و جێگرەوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ دوای داڕووخانی کۆمۆنیزم، سیستەمی لیبراڵدیمۆکراسی بە دوا قۆناغی پێگەیشتنی ئایدیۆلۆژیکی مرۆڤ و دواهەمین فۆرمی دەوڵەتداری مێژووی مرۆڤ، دەزانن (Fukuyama, 1992: 92). بە ڕای فۆکۆیاما، سیستەمە نوێ و سێکۆلارەکەی لیبراڵدیمۆکراسی، تاکە سیستەمە کە دەتوانێت زانست پێش بخات، سەرمایە و سامان بخولقێنێت، هەژاری و نەخۆشی و کێشەکانی دیکەی مرۆڤ چارەسەر بکات و، پاشان ئاسایشیان بۆ دابین بکات (کچویان، ١٣٨٦: 201).

**بە گشتی، بانگەشە و کرۆکی قسەکەی فۆکۆیاما بریتیە لە:**

1. ژیانە سیاسی ـ کۆمەڵایەتیەکەی مرۆڤ لەسەر هێڵێکی ڕاستەڕێ و بەبێ لادان، گەشە دەکات و دەگاتە لووتکەی خۆی؛
2. دوای ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت، ئەو ژیانە کۆمەڵایەتی ـ سیاسیە، گەشەی خۆی کردووە و، گەیشتووەتە دواقۆناغ؛
3. فۆرمی کۆتایی یاخود شێوازە گەشەکردووەکەی، لە هەناوی خۆیەوە، هێشتا گەشەی دیکەی ماوە و گەشەی زیاتریش دەکات؛
4. مەبەست لە فۆرمی کۆتایی، ئەو فۆرم و ڕواڵەتە ڕێکخراوەیە کە لیبراڵدیمۆکراسی پڕ بە پێستیەتی؛ واتە تەنها ئەو شێواز و ڕێکخراوانەی لە سیستەمی لیبراڵدیمۆکراسیەوە سەرچاوەیان گرتووە، کۆمەڵگایان بە جوانی پێ بەڕێوە دەچێت و، لەو شێوازە بترازێ، هیچ شێوازێکی دی متمانەی پێ ناکرێت.
5. دیمۆکراسی، ئازادی، مافی مرۆڤ، پلۆرالیزم و بازاڕی ئازاد، بناغەی لیبراڵدیمۆکراسین؛ (مصباح، ١٣٨٣: 40).

هانتینگتۆن بە ڕاشکاوانە دەیگوت کولتووری ڕۆژئاوا، کولتوورێکی ناوچەییە و، ئەو ژیارەی ئیستاکەی ڕۆژئاوا، هەر لەو کولتوورە ناوچەییەوە سەرچاوەی گرتووە؛ ژیارەکانی دی رکابەرایەتیی ئەو ژیارە دەکەن بەڵام هیچیان پێ ناکرێت و، تاکە ژیاری سەرکەوتوو، هەر ژیاری رۆژاواییە؛ بەڵام فۆکۆیاما دەڵێ راستە کێڵگەی ژیاری ڕۆژئاوا، هەر کولتووری مەسیحییەتی کاتۆلیکە و، لە جیهانی ڕۆژئاوادا گەشەی سەندووە، بەڵام بەهاکانی ژیاری رۆژاوایی، بایی ئەوەندەیان تێدا هەیە بە هەموو جیهاندا بڵاو ببنەوە و، خۆی گوتەنی یونیڤێرساڵ و گشتگیر ببن. بە ڕای فۆکۆیاما، ئەو ئازادی و یەکسانیەی لیبراڵدیمۆکراسیەکەی ڕۆژئاوای لەسەر دامەزراوە، دوو بەهای یۆنیڤێرساڵ و گشتگیرن و، ئاخری بە هەموو دنیادا بڵاو دەبنەوە؛ چونکە بابەتێکی ناچارەکیە و، بمانەوێ و نەمانەوێ، ڕەوتی گەشەی مێژوو وای دەوێت.

فۆکۆیاما لەو وتارەدا، خۆی گوتەنی باسی چوار بەربەستی سەرەکی دەکات لە رەوتی پێشکەوتنی مێژوودا؛ کە بریتین لە:

١. ئیسلام؛

٢. کێشەی دیمۆکراسی لە ئاستی جیهاندا؛

٣. دەسەڵاتە سیاسییەکان؛

٤. مەترسیە نەپێشبینیکراوەکانی تەکنەلۆجیا.

بە ڕای فۆکۆیاما، لە ڕەوتی گەشە و پێگەیشتنی مێژوودا، ئیسلام کێشە و لەمپەرێکی هەرە گەورەیە؛ بەڵام پێی وایە کێشەکە لە کرۆکی دینی ئیسلامدا نیە؛ وەکو دینێک، بەڵکو ئەم کێشەیە تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندی بە هێزە دەرەکییەکانی ئیسلامەوە هەیە کە ئەمەی بەسەردا سەپاندووە. ئەو لەم پرۆسەیەدا، ئیسلام لەگەڵ مەسیحییەت بەراورد دەکات کە هەر بەو شێوە کە مەسیحییەت پێبەندی تەفسیرەکانی هەر بەرەیەک لە درێژایی مێژوو بووە، ئیسلامیش لە وەها دۆخێکدایە. بەڵگەی سەلمێنەری ئەم پرسە


هەندێک لە وڵاتە ئیسلامییەکانن کە لەوانەدا دیمۆکراسی بە مانای ڕاستەقینەی سەری هەڵێناوە. وا دیارە، ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و داعش و هاوشێوەکانیان، هەرهەموویان، ئاخری ملکەچی لیبراڵدیمۆکراسی دەبن.

### 6. شیکردنەوە

**داعش و تیۆری پێکدادانی ژیارەکان ـ سامویل هانتینگتۆن:**

هەروەک ئاماژەمان پێ کرد هانتینگتۆن دوای رووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت دەبێ لەمەودوا چاوەڕوانی ململانێیەکی بەرفراوانتر لەوەی جاران بکەین کە لە نێوان جەمسەری سەرمایەداری و سۆسیالیزمدا هەبوو؛ واتە ململانێی نێوان ژیار و شارەستانەکان؛ هانتینگتۆن لە نێوان ژیارە سەرەکی و لاوەکیەکان، پێی وایە تەنها دوو ژیاری رۆژئاوا و ئیسلام ئەو هەوێنەیان تێدا هەیە کە ببێتە شەڕیان؛ ژیاری رۆژاوا بە هەموو دەستکەوتە مادی و مەعنەویەکانیەوە شایانی ئەوەیە ببێتە سەروەری هەموو دنیا و حوکمی هەموو ژیارەکانی دیکەش بکات؛ چونکە خاوەن دەستەبەها و سیستەمێکی وەها بەهێزی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیە کە نەزم و نیزامێکی نوێی بۆ دنیا پێ دروست بکرێت و، مرۆڤایەتی لە بەها و پێوەرە کۆنباوەکانی جاران رزگار بکات.

ئەو تیۆرە بووە بنەمای سیاسەت و پلانی کۆشکی سپی؛ بە تایبەت کۆماریخوازە کۆنزێرڤاتیستەکان کە بانگەشەی داڕشتنەوە و نوێکردنەوەی سیستەمی جیهانیان دەکرد؛ ئەو پلانە پێویستی بەوە هەبوو هەندێک حکوومەتی لاساری دنیای بۆ بڕووخێنن و بیانگۆڕن؛ ئەوە پاساوێکی بەهێز بوو کە شەڕێکی گەورەی وەکو شەڕی کەنداوی بۆ بخولقێنن و، بۆ دامرکاندنەوەی ئەو شەڕە دەستیان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەردا و، بۆ جێبەجێکردنی زیاتری پلانی خۆیان، بنکە و بارەگای سەربازییان لێ دانا؛ ئەو بزووتنەوە جیهادیە ئیسلامیانەی کە وەختی خۆی بە پشتیوانی و پاڵپشتیی ئەمەریکا دژی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ئەفغانستاندا شەڕیان دەکرد، مانەوەی ئەمەریکا و رۆژاوایان لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا پێ قەبووڵ نەدەکرا و، لێیان هەڵگەڕانەوە و، دەستیان کردە دژایەتیکردنی هێزەکانی رۆژاوا کە لە کۆتاییدا ئەلقاعیدەی لێ کەوتەوە؛ داعش کە بەرهەمێکی نوێ و بەڕۆژی ئەلقاعیدەیە، لە دوو وڵاتی ئیسلامی واتە لە عێراق و سووریادا، درێژەی بە ئەرکی ئەلقاعیدە دا و، بەرانبەر بە رۆژاوا و هەموو هاوپەیمانێکی رۆژاوا، شەڕێکی پیرۆزی راگەیاند و، هەرێمی کوردستانیشی لەو شەڕە و دژایەتیکردنە بێبەری نەکرد؛ داعشەکان خۆیانیان بە ئاڵاهەڵگری راستەقینەی ژیاری ئیسلام دەزانی؛ کەواتە شەڕی نێوان داعش و رۆژاوا و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ بەشێک لە تیۆرەکەی هانتینگتۆندا رێک دێتەوە.




**داعش و تیۆری کۆتایی مێژوو ـ فرانسیس فۆکۆیاما**

هەروەکو باسمان کرد فۆکۆیاما پێی وابوو کە دوای رووخانی بەرەی سۆسیالیزم هیچ رکابەرێکی بەهێز و شایانی رکابەرایەتیکردنی بەرەی کاپیتالیزم لە گۆڕەپانەکەدا نەماوە؛ چونکە بەرەی کاپیتالیزم و سەرمایەداری خاوەنی پێشکەوتووترین بەها و سیستەمی کۆمەڵایەتی‌سیاسیە کە مێژووی مرۆڤایەتی لەوە پێشکەوتووتر و باشتر و کامڵتری بە خۆوە نەبینیوە؛ هیچ ئایدیۆلۆجیایەکی دیکە بەرگەی ئەو سیستەمەی رۆژاوا بگرێت و بەرەنگاری ببێتەوە؛ تا رادەیەک وڵاتانی دنیا بۆ ئەوەی لە کاروانی پێشکەوتن دوا نەکەون خوازیاری ئەو سیستەمە دەبن کە سیستەمی لیبراڵدیمۆکراسیە بە شێوازە رۆژاواییەکەیەوە؛ ئەمەریکاش وەک نوێنەری سەرەکیی رۆژاوا کە شەڕی ساردی بردبوویەوە بووبووە پێشەنگی پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی لیبراڵدیمۆکراسی بە هەموو دنیادا بە جیهانی ئیسلامیشەوە.

فۆکۆیاما پێی وابوو کە لیبراڵدیمۆکراسی سیستەمێکی ئەوەندە سەرنجڕاکێش و بەهێز و بێهاوتایە کە تەنانەت نەریتخوازە وشک و ئیسلامیە پەتیەکانیش خولیای ئەو سیستەمە دەبن و، بەها و پێوەری رۆژاوایی بە ئاسانی رەخنەیان تێ دەکات و وەریدەگرن؛ بەڵام لە ئەرزی واقیع و دنیای راستەقینەدا ئەو تیۆرە راست دەرنەچوو، هەربۆیە سەرەڕای مسوڵمانە بناژۆخوازەکانی وەک ئەلقاعیدە و داعش و ئەوانی دی، کە بە شەڕ کەوتنە دژایەتیکردنی رۆژاوا، وڵاتانی خاوەن‌ژیاری دیکەی وەکو کۆریای باکووریش کەوتوونەتە بەرپەرچدانەوەی ئەو سیستەمە.

### 7. ئەنجام

لەم توێژینەوەدا هەوڵ درا بە تێروانینێکی وەسفیتیۆریک و، بە گوێرەی تیۆری پێکدادانی ژیارەکانی ساموێل هانتینگتۆن و، تێۆری کۆتایی مێژووەکەی فرانسیس فۆکۆیاما، دیاردەی داعش راڤە و تەفسیر بکەین؛ کە لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١. بناژۆخوازی رەگوریشەی دەگەڕێتەوە بۆ هەرسێ دینە گەورە ئاسمانیەکەی جیهان؛ واتە بناژۆخوازیی جوولەکە (گۆش‌ئامۆنیۆم)، بناژۆخوازیی مەسیحی (ئینجیلیەکان)، بناژۆخوازیی ئیسلامی (ئەلقاعیدە وداعش)؛

٢. داعش رێکخراوێکی بناژۆخوازی ئیسلامیە کە لە ساڵی ٢٠١٤ـی زایینیدا توانیی بە ماوەیەکی کورت، بەشیکی زۆر لە خاکی عێراق و سووریا داگیر بکات و، خەلافەتێکی لێ رابگەیێنێت؛ کە هەرێمی کوردستانیش کەوتە بەر هێرشیان؛

٣. لە هەڵسەنگاندنی دیاردەی داعشەوە بۆمان دەرکەوت کە بەشێکی تیۆرەکەی هانتینگتۆن داعشی پێ شی دەکرێتەوە؛ ئەو بەشەی وا دەڵێت ژیاری ئیسلام و هی رۆژاوا لەچاو ژیارەکانی دی، ئەو هێز و هەوێنەیان تێدا هەیە لێیان ببێتە شەڕ و پێکدادان؛ بە گوێرەی ئەو تیۆرە، دەکرێ پێکدادن و پێکداهەڵپژانی هێزە بناژۆخوازە ئیسلامیەکان و، هێزی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لەو سۆنگەیەوە شی بکرێتەوە.

٤. هەرچی تیۆرەکەی فۆکۆیامایە، بۆمان دەرکەوت کە لە بابەتی داعشدا هیچ وەڵامێکی وای پێ نیە و، بگرە رێک پێچەوانەی گریمانەکەی فۆکۆیامای لێ دەردەچێت. چونکە فۆکۆیاما پێی وابوو کە سیستەمی لیبراڵدیمۆکراسیەکەی رۆژاوا، دەبێتە سیستەمی هەرەزاڵی دنیا بە گشتی و، تەنانەت هێزە بناژۆخواز و نەریتخوازەکانیش دەچنە بن باڵیەوە و، لەبەر سێبەری لیبراڵدیمۆکراسیدا کاڵ دەبنەوە و، بگرە دەتاوێنەوە. کەچی ئەوەی لە ئەلقاعیدە و داعش و هاوشێوەکەیانەوە بینیمان وا دەرنەچوو؛ ئەو هێزە بناژۆخوازانە بە هەموو توانایەکەوە بەرەنگاری رۆژاوا و هەموو بەها و پێوەرێکی رۆژاوایی بوونەوە و، پێش ناچێت لە مەبەستی خۆیان پاشگەز ببنەوە.

### لیستی سەرچاوەکان:


Coser, L. (1956). The Functions of Social Conflict, Glencoe, IL: Free Press.

Georg Simmel, ([1900] 1998), The Philosophy of Money, Translated by: Tom Bottomore, London & NY: Routledge and Kegan Paul Ltd.

**Fukuyama, F. (1992) *The End of History and the Last Man*, THE FREE PRESS A Division of Macmillan, Inc. NEW YORK**

Haar, G. T. & Busuttil, J. J. (2005) Bridge or barrier: religion, violence and visions for peace, Ed. Koninklijke Brill NV, Leiden, The Netherlands.

Kimball, C. (2008). When Religion Becomes Evil, New York: Harper Collines e-book.

McLean, P. (1996). Theorizing Structure and Action: Formal, Phenomenological and Discursive Approaches, American Sociological Association Meetings, NY.

Ross, N. O. and Mohammadpur, A. (2014). Islamic State as a Modern Phenomenon, Pluto Journals: Oxford shire, UK.

- ترنر، برایان ([١٣٨١] ٢٠٠٢). ***شرق‌شناسی، پست‌مدرنیسم و جهانی‌شدن،*** ترجمه: *غلامرضا کیانی، محمدرضا تاجیک*، تهران: فرهنگ گفتمان.
- ترنر، برایان ([١٣٧٩] ٢٠٠٠). ***ماکس وبر و اسلام***، ترجمه: *سعید وصالی*، تهران: نشر مرکز.
- *توحیدفام، محمد*، ([١٣٨٢] ٢٠٠٣). دولت و دموکراسی در عصر جهانی شدن، *تهران: روزنه.*
- *جامسکی، نوآمر*، ([١٣٧٥] ١٩٩٦). نظم های کهنه و نوین جهانی، ترجمة مهبد ایرانی‌طلب، *تهران:* انتشارات اطلاعات.
- سرمد، زهره و دیگران ([١٣٨٤] ٢٠٠٥). **روش‌های تحقیق در علوم رفتاری**، تهران: آگه.
- فرمانیان، مهدی ([١٣٨٦] ٢٠٠٧). ***فرق تسنن***، تهران، نشر ادیان.
- کاستلز، مانوئل ([١٣٨١] ٢٠٠٢). *ظهور جامعه شبکه‌ای*، ترجمه: علیقیان و خاکباز، تهران: طرح نو.
- کچویان، حسین،([١٣٨٦] ٢٠٠٧). *نظریه‌های جهانی‌شدن: پیامد چالش‌های فرهنگ و دین*، تهران: نشر نی.

- لارنس، کالوین ([۱۳۹۱] ۲۰۱۲). *نظریه‌های جامعه‌شناسی محض و کاربردی*، ترجمه: غلامعباس توسلی و دیگران، تهران: *سازمان مطالعه* و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها.
- مارکس، کارل، ([۱۳۸۳] ۲۰۰٤) **سرمایه**، ترجمه: ایرج اسکندری، تهران: فردوس.
- *مصباح، مجتبی*، ([۱۳۸۳] ۲۰۰٤). بنیادی‌ترین اندیشه‌ها، قم: موسسه‌ی آموزشی پژوهشی امام خمینی.
- وبر، ماکس، ([۱۳۹٤] ۲۰۱۵). **دین، قدرت، جامعه**، ترجمه: احمد تدین، تهران: هرمس.
- *هانتینگتون، ساموئل*، ([۱۳۷۸] ۱۹۹۹). *برخورد تمدن‌ها و بازسازی نظم جهانی*، ترجمه: محمدعلی حمیدرفیعی، تهران: دفتر پژوهش‌های فرهنگی.
- *هانتینگتون، ساموئل*، ([۱۳۷٦] ۱۹۹۷). *سامان سیاسی در جوامع دست‌خوش دگرگونی*، مترجم: محسن ثلاثی، تهران: علم.
- *هی وود، اندرو* ([1379] ۲۰۰۰) ***در آمدی بر ایدئولوژی های سیاسی***، *ترجمه محمد رفیعی مهرآبادی، تهران: وزارت خارجه.*


## Explanation of ISIS organization according to the Clash of Civilizations and the End of history theory


**Shirzad Azad Sultan**
PhD student of sociology / Salahuddin University-Erbil

**Abdulhamid Barzenji**
Sociology department-College of Art / Salahuddin University-Erbil

**Ahmad Mohammad Pour**
Massachusetts AM USA/ Anthropology department



### Abstract

This research explains the phenomenon of the Islamic State of Iraq and Syria (ISIS), using the theories of “the clash of civilizations” by Samuel Huntington and “end of history” by Francis Fukuyama. ISIS is known for being a radical militant group that follows a fundamentalist doctrine of Sunni Islam. In June 2014, ISIS took over many of the territories of Syria, Iraq, and Iraqi Kurdistan. Upon control of these areas, they declared and Islamic Caliphate. When evaluating these two theories, we conclude that the theory of “the clash of civilizations” can explain the phenomenon to an extent, but the theory of “end of history” is not suitable in explaining the ideology of ISIS.



**Keywords**: ISIS, Fundamentalism, Kurdistan Region, the Clash of Civilization, The End of History


## تفسير منظمة داعش وفقا لنظرية صدام الحضارات ونهاية التاريخ


### ملخص

يتناول هذا البحث ظاهرة الدولة الإسلامية في العراق والشام (داعش) حسب نظرية "صدام الحضارات" لصموئيل هنتيجتون ونظرية "نهاية التاريخ" لفرنسيس فوكوياما، وهي محاولة وصفية نظرية. سفقد عرفت داعش بكونها جماعة متطرفة وأصولية من المتطرفين الإسلاميين. ففي عام 2014 إحتلت جزء كبير من الأراضي السورية والعراقية بما فيها إقليم كردستان العراق، وأعلنت خلافتها فيها وعند تقييم داعش بحسب هاتين النظريتين، نستنتج أن نظرية صدام الحضارات يمكنها تفسير ظاهرة داعش إلى حدما، ولكن نظرية نهاية التاريخ ليس فيها قابلية تفسير و تحليل داعش.



**الكلمات المفتاحية:** داعش، الأصولية، إقليم كردستان، صدام الحضارات، نهاية التاريخ.